خاوەنی ئیمتیاز

**جەمیل سنجاوی**

سەرنووسەر

**بەختیار محەمەد**

makhmur@yahoo.com


**لەسێیەمینساڵیادی رۆژنامەی مەخموور دا پیرۆزبایی لەتەواوی ستافی رۆژنامەکەمان و خوێنەران و جەماوەری خۆڕاگری دەڤەری مەخموور دەکەین، را پۆرتێك لەلا پەڕە (٤)دا لەو بارەوە بخوێنەوە.**


ژمارە (٣٦) رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (٥٠٠) دینار شەممە ١٥ / ١٠ / ٢٠١١ ٢٣ی رەزبەری ٢٧١١


# پەرلەمانتارێك: زیاتر لە ٧٠٠ ماڵ مەخمووریان چۆڵ کردووە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

لەمیانەی سەردانێکیاندا بۆ شارۆچکەی مەخموور لەرۆژی ٢٠١١/١٠/٨، چەند پەرلەمانتارێك سەر بەلیستی کوردستانی لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوڵاتیانی مەخموور کۆبوونەوەو پەرلەمانتارێکیش رایدەگەیەنێت کە بەهۆی بێکاری زیاتر لە ٧٠٠ ماڵ مەخمووریان چۆڵ کردووە.

عومەر نورەدینی ئەندام پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کوردستانی رایگەیاند "پێویستە هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجیددی و بەپەرۆشەوە بایەخ بەداواکاری و خواستەکانی دانیشتووانی ئەو قەزایە بدەن و دەبێت ئەو فەرامۆشییەی دەرهەق بەو ناوچەیە لەئارادابووە، کۆتایی پێ بێت". نورەدینی راشیگەیاند "بێکاری دیاردەیەکی زەق و بڵاوی مەخموورە، بەمەیش رێژەی بێکاری تادێت زیاتر دەبێت و بەهۆیانەشەوە تائێستا زیاتر لە (٧٠٠) ماڵ



خانووێك لە مەخموور تابلۆی فرۆشتنی هەڵواسیوە (دەنگی مەخموور)

سنوورەکەیان چۆڵ کردووەو لەسەردیواری ژمارەیەك لەخانووەکانی نووسراوە (ئەم خانووە بۆ فرۆشتنە)، ئەمە نیشانەی بوونی کۆچی پێچەوانەیە لەمەخموورەوە بۆ دەرەوە".

هەروەها دلشاد شەهاب ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کوردستانی رایگەیاند "لەراستیدا ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەو باری ژیان و بژێوی و خزمەتگوزاریە خراپەیە کە بەداخەوە دەبوایە قەزای مەخموور دووجار سوودمەندبوایە، جارێك لەحکومەتی فیدراڵەوە لەپارێزگای موسڵ و کەرکوك سوودمەندبووایە، جارێکر تریش دەبوایە لەهەرێمەوە سوودمەند بوایە، لە بری ئەوە من هەستدەکەم کە خەریکە بڵێم لەهەردوولا بێبەش بووە، یاخود بەشێکی کەمی لەخزمەتگوزارییەکان بەرکەوتووە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) رۆژانە بەدەیان ماڵ ئەو ناوچەیە چۆڵ دەکەن و روودەکەنە شاری هەولێرو دەوروبەری، هەرچەندە تائێستا دەزگا فەرمییەکانی قەزای مەخموور هیچ داتایەکی دروستیان نەخستۆتە روو سەبارەت بەژمارەی ئەو ماڵ و خێزانانەی کۆچیان کردووە، بەڵام وەکو ئەو ئەندام پەرلەمانتارە رایدەگەیەنێت کەوا زیاتر لە ٧٠٠ ماڵ سنوورەکەیان چۆڵ کردووە، ئەمەش ئاماژەیەکی خراپە بۆ ناوچەیەکی دابڕاوی وەکو مەخموور، چونکە کۆچ کردن خەریکە دەبێتە دیاردەو رۆیشتنی هەر ماڵێك زەحمەتە جارێکی دیکە ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی لەبەر ئەوەی مەخموور بەخراپترین بارودۆخدایەو پێویستی بەچارەسەری بە پەلە هەیە.

## پارێزگاری هەولێر: پێشینەی قەرزی کشتوکاڵی مەخمووریش دەگرێتەوە



**تایبەت بە دەنگی مەخموور**

پارێزگاری هەولێر رایدەگەیەنێت پرۆژەکانی ساڵی ٢٠١٢ بۆ مەخموور زۆرن، راشیگەیاند کە پێشینەی قەرزی کشتوکاڵی مەخمووریش دەگرێتەوە.

لەدیمانەیەکی (دەنگی مەخموور)دا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لەبارەی پێشینەکانی کشتوکاڵی و هاوسەگیری و خانووبەرە رایگەیاند "ئێستا پێشینەی قەرزی کشتوکاڵی چارەسەر کراوەو خەڵکی مەخموور دەتوانن سوودی لێوەربگرن، هەوڵی فراوان کردنیشی دەدەین، بەڵام سەبارەت بە دوو پێشینەکەی تر نووسراومان کردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئێستا کاری لەسەر دەکرێت، هیوادارین چارەسەر بکرێت".

نەوزاد هادی ئەوەشی راگەیاند کە "پرۆژەکانی ٢٠١٢ بۆ مەخموور زۆرن، هەندێکیان دەخەینە لیستی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێرو ئەوەی دیکەش دەخەینە سەر وەزارەتەکان".

٢ ⬅

## لە (٧٥) مامۆستا یەکێکی مەخموورو دەرروبەری تێدا نییە



**کارزان خەمگین**/ دوای گەڕانەوەی لیستی ناوەکانی دامەزراندن، کە تێیدا لەسەر میلاکی مەخموور (٧٥) مامۆستا ناوی گەڕاوەتەوە، لەبری ئەو ژمارەیە هیچ مامۆستایەکی خەڵکی مەخموورو دەوروبەری تێدانییەو ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانی تەواوی دەرچووانی مەخموور.

هیمداد محەمەد یاسین دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزییە ئەو دەڵێت "ئێمە دەرچووی زانکۆین و تائێستا دانەمەزراوین، بۆیە قایمقاممان لەوە ئاگادار کردەوە ئەگەر هاتوو ناومان لەیەدەگەکان دەرنەچێت، ئەوا بەنیازین رێوشوێنی تر وەربگرین، پەنا بۆ شوێنی تر ببەین لەوانەشە خۆپیشاندان بکەین، قایمقامیش بەڵێنی ئەوەی پێداوین بەدوای کێشەکەمان بچێت و بەزووترین کات چارەسەری کێشەکەمان بکات".

شۆرش خدر بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور ئەمەی بەهۆکاری دروستبوونی درزێك لەپەیامی پەروەردەو فێرکردن ناوبردو رایگەیاند کە "پێویستە خەڵکی دەڤەری مەخموور دابمەزرێنرێت و ئەو دامەزراندنەش بە شێوازێکی ئەوتۆ بێت کە زیاتر رەگەزی پیاو رەوانەی ئەو دەڤەرە بکرێن یاخود ئافرەتی خێزاندار نەبێت"، لەبەرئەوەی بەوهۆیەوە زۆربەی هەرە زۆری خوێندنگاکانی ئەو دەڤەرە دوچاری کەمی مامۆستا دەبن.

جێگەی باسە رێژەیەکی زۆر لە دەرچوانی کۆلێژو پەیمانگاکان لە خەڵکی مەخموورو قەراج و دیبەگەو گوێڕ فۆرمی دامەزراندنیان پڕکردبووەوە، بەڵام تەنیا یەك کەسیش ناوی نەهاتۆتەوەو دانەمەزراوە.

٣ ⬅

## دەنگی مەخموورو خەمی مەخموور



**غەفوور مەخمووری**

(دەنگی مەخموور) وەك تاکە رۆژنامەیەکی بەردەوامی مەخموور لەماوەی سێ ساڵەی تەمەنی خۆیدا بەردەوام هەوڵیداوە خزمەتی کلتورو هونەرو کەلەپوری دەڤەرەکە بکات و دەنگو خەمی مەخمورییان بەخوێنەر بگەیەنێت، (دەنگی مەخموور) لەماوەی ئەو سێ ساڵەی تەمەنیدا زۆر راستگۆیانەو راشکاوانە کێشەو گرفتەکانی دەڤەرەکەی گواستۆتەوەو چارەسەریشی خستۆتەڕوو.

بێگومان دیارە کێشەی سەرەکی ئەو دەڤەرەیش بریتییە لە کەمی خزمەتگوزاری و بێکاری، کە دەڵێین کەمی خزمەتگوزاری مەبەستمان کەمی خزمەتگوزارییە لە هەموو روویەکەوە، لەبواری ئاوەدانکردنەوە دەڤەری مەخموور لە وێرانەیەك دەچێت و تائێستا وەکو پێویست کاری بۆ نەکراوە بۆ ئەمەیش پێویستە گوندەکان ئاوەدانبکرێنەوەو تۆڕی رێگاکانی هاتووچۆ کە زۆربەیان تێکچوون چاکبکرێنەوەو مەخموورو قەراج و گوێڕو دیبەگەیش پاکبرێنەوە لەو هەموو پیسییەی کە لەناو بازاڕەکان و کۆڵانەکاندا هەن و ئەو کۆڵانانەی کەقیرتاویش نەکراون قیرتاوو چەمەنتۆ رێژ بکرێن، هەروەها لەبواری تەندروستی لەتەواوی سنووری دەڤەرەکەدا نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن نییەو تەنها چەند بنکەیەکی تەندروستی هەن ئەوانیش وەکو پێویست خزمەتگوزارییان تێدا نییەو بۆ هەندێ پشکنینی ئاسایی دەبێت نەخۆش روو لە هەولێر یا موسڵ بکات، لەبواری ئاوو کارەبا حاڵی کەس بە حاڵی مەخموورییان نەبێت! کارەبا وەك ئەوەیە کە نەبێت لەبەرئەوەی رۆژی دوو تا سێ کاتژمێر بە پچڕپچڕی هەیە، ئاوەکەیشی بەکەڵك هیچ نایەو مرۆڤ ناتوانێت بیخواتەوە! بێکاریش دەردێکی کوشندەی دەڤەرەکەیەو ئەمانەو چەندان کێشەو گرفتی دیکە وایکردووە وردە خەڵکەکە خانووەکانیان بفرۆشن و بار بکەن و روو لەهەولێرو دەوروبەری بکەن.

سەرباری هەموو ئەمانەیش لەڕووی دەروونییەوە ئازارێکی زۆری خەڵکی خۆڕاگری ئەو دەڤەرە دەدرێت کە کارییان دەکەوێتە فەرمانگەکانی هەولێرو پێیان دەڵێن ئێوە سەر بە موسڵن و بڕۆن بۆ ئەوێ؟! کە سەیر دەکەی لەبواری ئیداریشەوە زۆربەی زۆری بەرپرسەکان لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە دانراون، بۆیە هەقوایە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مەخمورییان نەکرێت و بەبێگانە سەیر نەکرێن!.

چەندین جار بەمەبەستی چارەسەرکردن ئەم کێشانەمان خستۆتەڕوو بەداخەوە چارەسەر نەکراون، چەندین جاریش شاندی حکومی و حیزبی سەردانی مەخمووریان کردووەو لەگەڵ خەڵکەکە کۆبوونەتەوەو لەو گرفتانە ئاگادار کراونەتەوەو بەرپرسانیش بەڵێنی زڵ و زۆریان بە خەڵکەکە داوەو پاشان بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکردوون، لێرەوە داوا لە بەڕێز جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان دەکەین کە سەردانی ئەو دەڤەرە بکات و لەنزیکەوە خەڵکەکە ببینێت و گوێ لەخەم و ئازارەکانیان بگرێت و لایەنە پەیوەندیدارەکان رابسپێرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی دەڤەرەکە.

چارەسەری ئەو گرفتانەیش بەوە دەکرێت کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکە بکرێت و، تۆڕی ئاوەکەی نۆژەن بکرێتەوەو ئاوێکی پاك کە شایانی مرۆڤ بێت بۆ خەڵکەکە دابینبکرێت و تۆڕی کارەبای مەخموور بە کارەبای هەولێر ببەسترێتەوەو، لەبواری تەندروستیشدا نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن بەتەواوی پێداویستییەکانییەوە لە مەخموور بۆ دەڤەرەکە دروستبکرێت و بنکە تەندروستییەکانی ناحییەکانیش نۆژەن بکرێنەوەو پێویستییەکانیان بۆ دابینبکرێت، تۆڕی رێگاوبانی دەڤەرەکەیش نۆژەنبکرێتەوەو رێگەی نێوان گوندەکانیش بەپێی پێویست قیرتاوو چەوڕێژ بکرێن، بۆ پرسی بێکاریش هەوڵبدرێت هەندێ کارگە لەو دەڤەرە بکرێنەوەو هەلی یەکسان بۆ هاوڵاتییان برەخسێنرێت لەکاتی دامەزراندنیان لە فەرمانگە حکومییەکانداو بۆ ئەمەیش پێویستە (تەزکییەی حیزبی)ی وەلابنرێت کە بۆتە کێشەی زۆربەی دەرچووان و خاوەن بڕوانامەکانی دەڤەرەکە.

بەڵێ ئەمانەو چەندانی دیکە خەم و ئازارەکانمانن لەدەڤەری مەخموور، (دەنگی مەخموور)یش راشکاوانەو وەکو رۆژنامەیەکی بوێرو هەقگۆ ئەو راستییانەی خستۆتەڕوو، بێگومان پەیامی رۆژنامەیش گواستنەوەو گەیاندنی راستییەکانە بە خوێنەر لەمەدا (دەنگی مەخموور) بە ئەرکی خۆی رابووەو درێخی نەکردووە.

سێیەم ساڵیادی دەرچوونی (دەنگی مەخموور) لەستافی رۆژنامەکەو جەماوەری خۆڕاگری دەڤەری مەخموور پیرۆز بێت و چاوەڕوانی کاری زیاترو باشترو بوێرانەترین.

١٠ / ١٠ / ٢٠١١

## لەشارەدێی قەراج: لەبری ٦٠ دوکان ٢٩ دوکان دروستدەکرێت

**کارزان خەمگین/ شارەدێی قەراج**

دوای ئەوەی لەلایەن ئیدارەی موسڵەوە بڕیاری دەرچوونی ٦٠ دوکان بۆ شارەدێی قەراج دەرچوو، تەنیا ٢٩ دوکان لەکۆی ئەو ٦٠ دوکانە دروستکراوەو ئەوەی تر دیار نییە، لەوبارەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بە "دەنگی مەخموور"ی راگەیاند: ئەو دوکانانە لەلایەن ئیدارەی موسڵەوە دروست دەکرێت و ژمارەیان ٦٠ دوکانەو تەنیا ٢٩ دوکانی لێ دروستکراوەو بڕی ٢٠٠ ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە، هەروەها (ئیبراهیم شێخەڵڵا) قایمقامی قەزای مەخموور پێی راگەیاندین: ئەوەی پێشکەشکراوە نزیکە لە ٦٠ دوکان، بەڵام گوێرەی ئەو بودجەیەی بۆ پڕۆکە دانراوە، قۆناغی یەکەمی لەژێر جێبەجێکردن دایە، ئەوەی تریشی بۆ قۆناغی داهاتوو دانراوەو بناغەیشی بۆ دانراوە، بەڵام لەداهاتوو بە پێی بودجەیەی بۆی دیاری دەکرێت ئەویش تەواو دەکرێت.



شێروان بێ دڵ:

**کۆڵانێکی هەولێر بەقەد مەخموور گرنگیی زیاتری پێدراوە**

٥ ⬅



سارا شاعیر:

**گە نجێك لە پێناو خۆشەویستەکەی گورچیلەکەی نافرۆشێت**

٦ ⬅